تیرۆر وه‌ك دیارده‌یه‌كی مێژوویی

هادی مه‌حمود

به‌شی سێیه‌م و كۆتایی

له‌ سه‌رده‌می عه‌بباسییه‌كاندا كۆمه‌ڵێك كه‌سایه‌تی سیاسی و ئایینی و زانا، تیرۆر كران له‌وانه‌: ادريس بن عبدالله، الفضل بن سهل، علی الرضا، المتوكل، ابو سعيد الجنابی ..هتد) جگه‌ له‌مه‌ش بزووتنه‌وه‌كانی (القرامطة) و (الزنوج) به‌ شێوه‌یه‌كی دڕندانه‌ پاكتاوكران.

ئه‌م سیاسه‌ته‌ تیرۆریستانه‌یه‌ ته‌نیا به‌رهه‌ڵستكارانی نه‌گرتووه‌، به‌ڵكو ته‌نانه‌ت كه‌سانێكی نێوان خێزانی ده‌سه‌ڵاتداری گرته‌وه‌، هه‌ر وه‌ك نموونه‌ی ئه‌و ناوانه‌ی كه‌ پێشتر ئاماژه‌مان بۆ كردن.

له‌ سه‌رده‌می عوسمانیدا ئه‌م رێبازه‌ توندو تیژییه‌و تیرۆر دژ به‌ به‌رهه‌ڵستكاران به‌رده‌وام بووو، به‌ هۆی شه‌ڕی تایفه‌گه‌ریشه‌وه‌ هه‌زاران له‌ موسڵمانان گیانیان له‌ ده‌ستداو حوكمڕانه‌كانیش هه‌ڵگیرسه‌رانی ئاگری شه‌ڕی تایفه‌گه‌ری بوون.

له‌م سه‌رده‌مه‌دا هه‌ندێ له‌ (فقها)ه‌كان جۆره‌ (فتوی) یه‌كیان ده‌رده‌كرد كه‌ ده‌ربڕی خواست و ئیراده‌ی سوڵتانه‌ عوسمانییه‌كان بێ.

ئه‌م رێبازه‌ گه‌یشته‌ ئاستی ئه‌وه‌ی ئیجازه‌ بدرێ به‌ سوڵتانی نوێ له‌ كاتی هاتنه‌ سه‌ر حوكم كه‌ هه‌ندێ له‌ براو كوره‌كانی خۆی بكوژێ، بۆ ئه‌وه‌ی گوایه‌ (فتنة)و ئاشوبی له‌ ژیانی سیاسیدا روونه‌دات، ژماره‌ی ئه‌و میرانه‌ی كه‌ له‌ رۆژی هاتنه‌ سه‌ر حوكمی سوڵتان (محمد الثانی) (855هـ-1456م) 40 میر بوو، كه‌ سوڵتان (مراد الثالث) له‌ ساڵی 982هـ مردو، (محه‌مه‌د خانی سێیه‌می) كوڕی هاته‌ سه‌ر حوكم، (13) برای خۆی كوشت و، 10 (جاریه‌)ی باوكی كه‌ سكیان پڕبوو به‌ فرمانی ئه‌و كوژران، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ دوو له‌ كوڕه‌كانی (9) سه‌ره‌ڕای ئه‌م تیرۆره‌، كتێبه‌كانی مێژوو باسی ئه‌م سوڵتانه‌ ده‌كه‌ن وه‌ك سوڵتانێكی ئایین په‌روه‌رو پیاو چاك كورد عه‌لی له‌ كتێبی (خطط الشام) به‌ جۆرێك ئاماژه‌ بۆ ئه‌م سوڵتانه‌ ده‌كات (كه‌ له‌ سه‌رده‌می ئه‌ودا، زاناو شێخ و قورئان خوێنه‌كانی، له‌ مزگه‌وتی ئه‌مه‌وییه‌كان له‌ دیمه‌شق كۆكرده‌وه‌.

ئه‌م لاپه‌ڕانه‌ی مێژوو كه‌ پڕه‌ له‌ كوشتن و برین و خوێن رشتن و تیرۆرو تۆقاندن، ره‌نگدانه‌وه‌ی ململانێی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌ له‌ قۆناغێكی مێژوویی دیاریكراودا ململانێ و ناكۆكی له‌ پێناوی ده‌سه‌ڵاتدا له‌ سایه‌ی په‌یوه‌ندی كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی و ئابووری كۆیلایه‌تی و ده‌ره‌به‌گایه‌تیدا، كه‌ هه‌ر لایه‌نێك له‌ لایه‌نه‌كانی ئه‌و ململانێیه‌ په‌نا ده‌باته‌ به‌ر بیری ئایینی به‌ مه‌به‌ستی مه‌شروعیه‌تدان به‌ حوكمی خۆی و نه‌فی كردنی به‌رامبه‌رو، دانانی سیاسه‌تی داپلۆسین و تیرۆرو تۆقاندن له‌ جلوبه‌رگێكی ئایینیدا، به‌م جۆره‌ مه‌سه‌له‌كان په‌یوه‌ندی به‌ وه‌زیفه‌ی ئایین و چۆنێتی به‌كارهێنانی له‌ كۆمه‌ڵگادا.

ناوه‌ند زۆرلێكراوه‌كان كه‌ دژ به‌ ده‌سه‌ڵات بوون، به‌هه‌مان شێوه‌، مه‌شروعیه‌تی خۆیانیان له‌ فیكری ئایینی ده‌دۆزییه‌وه‌، زۆرجاریش هه‌ر خودی ئه‌وان رێبازی تیرۆریستانه‌یان به‌كار هێناوه‌، دژ به‌ ده‌سه‌ڵاتی سته‌مكار.

له‌و كاته‌دا كه‌ ئه‌م ململانێ توندو تیژه‌ له‌ ناوچه‌ی عه‌ره‌بی- ئیسلامیدا رووی ده‌دا، وه‌ نه‌بێ وه‌زعی رۆژئاوای مه‌سیحی زۆر له‌ وه‌زعی ناوچه‌ عه‌ره‌بی- ئیسلامییه‌كان باشتر بووبێ، چونكه‌ ئه‌و رێبازه‌ توندو تیژییانه‌ له‌ مامه‌ڵه‌ كردن له‌گه‌ڵ به‌رامبه‌ردا مۆركی ئه‌و قۆناغه‌ مێژووییه‌ بووه‌و، بوونی چه‌ند نموونه‌یه‌كی ئیجابی له‌ مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ به‌رامبه‌ردا، مۆركی گشتی ئه‌و قۆناغه‌ ناگۆڕێ.

شارستانی رۆژئاواو مه‌سه‌له‌ی تیرۆر

له‌ ئه‌نسكلوپیدیای به‌ریتانی، وشه‌ی تیرۆریزم Terror ISM، مانای ترس و تۆقاندن ده‌گه‌یه‌نێ.

كه‌چی گوتاری سیاسی ئه‌مریكا- به‌ریتانیا، له‌ هه‌ڵومه‌رجی ئه‌مڕۆدا، مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ چه‌مكی تیرۆر ده‌كات وه‌ك ئه‌وه‌ی هه‌رگیز ئه‌م چه‌مكه‌ له‌ مێژووی شارستانیی رۆژئاوایی نه‌بوو بێ و یان ئه‌م وشه‌یه‌ به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك له‌ فه‌رهه‌نگی زمانی رۆژئاوایی نه‌بووبێ.

له‌ مێژووی ئه‌وروپادا، چه‌مكی تیرۆریزم: Terrorism به‌و قۆناغه‌ مێژووییه‌ ده‌وترێ كه‌ له‌ دوای شۆڕشی فه‌ره‌نسا، له‌ نێوان ساڵی 1793-1794 له‌ ماوه‌ی كۆماری (جاكوبی)، هاته‌ كایه‌وه‌و تیایدا ده‌سه‌ڵات گه‌وره‌ترین شاڵاوی به‌رپاكرد وه‌ دژ به‌ هاوپه‌یمانی نێوان یارانی پادشایه‌تی و بۆرژواكان كه‌ هاوپه‌یمانییه‌كی دژ به‌ شۆڕشی فه‌ره‌نسا بوو.

به‌پێی ئه‌نسكلوپیدیای به‌ریتانی، له‌ ئاكامی تیرۆری قۆناغی Reign OF Terror زیاتر له‌ 300 هه‌زار كه‌س به‌ندكراوه‌و، زیاتر له‌ 17 هه‌زار كه‌س له‌ دانیشتوانی فه‌ره‌نسا له‌ سێداره‌ دراون، جگه‌ له‌ مردنی هه‌زاران كه‌س له‌ زیندانه‌كاندا.

هه‌ڵبه‌ته‌ تیرۆر نه‌ك ته‌نها له‌و مێژووه‌وه‌ ده‌ستی پێكردوه‌، به‌ڵكو دیارده‌یه‌كی مێژوویی كۆنه‌و هه‌رده‌م به‌ند بووه‌ به‌ به‌كارهێنانی توندو تیژی و تۆقاندنی بێ سنوور دژ به‌ نه‌یاران، تیرۆرو ترس و تۆقاندن و نه‌هێشتنی به‌رامبه‌ر یه‌كێك بووه‌ له‌ شێوازی چۆك دادان به‌ به‌رامبه‌رو بنه‌مایه‌كی ره‌وای ده‌سه‌ڵاته‌ ئیمپراتۆرییه‌كان بووه‌، له‌ سه‌رانسه‌ری جیهاندا.

له‌ شارستانییه‌ كۆنه‌كاندا، له‌ وڵاتی میزۆپۆتامیا و هیندستان و میسر، به‌ شێوازی جۆراوجۆر تیرۆر ئه‌نجام دراوه‌. كوشتن و ده‌ست به‌ سه‌راگرتنی سامانی نه‌یاران و قه‌ڵاچۆكردنیان یه‌كێك بووه‌ له‌ شێوازه‌كانی مل كه‌چ كردنی نه‌یاران له‌ ئیمپراتۆریه‌تی رۆمانیدا.

دادگاكانی ئه‌وروپا كه‌ ناسراوه‌ به‌ (محاكم التفتيش) له‌ مێژووی ناوه‌راستی ئه‌وروپادا یه‌كێكه‌ له‌ نموونه‌كانی به‌كارهێنانی تیرۆر به‌ به‌رگێكی ئایینییه‌وه‌.

ئه‌م دادگایانه‌ له‌ وڵاتی ئیسپانیا له‌ ساڵی 1483دا، هه‌زار كه‌سیان سووتاند به‌ تاوانی (سحر) ئه‌نجامدان. زاناو به‌هه‌ره‌مه‌ندو فه‌یله‌سوفه‌كان له‌م سزایه‌ قورتار نه‌بوون بۆ نموونه‌ جان دارك له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتدارانی ئینگلستانه‌وه‌ سووتێنرا، هه‌روه‌ها كۆمه‌ڵه‌ی كاردیناڵه‌كانی جنیف بڕیاری سوتاندی 14 ئافره‌تیاندا، به‌ تاوانی ئه‌وه‌ی كه‌ هاوكاری شه‌یتانیان كردوه‌ بۆ هێنانی نه‌خۆشی (طاعون) بۆ شاره‌كه‌یان (10)جگه‌ له‌ شێوازی سوتاندنی دوژمنان، هه‌ندێ نموونه‌ی دیكه‌ هه‌یه‌ له‌ شارستانی رۆژئاوادا بۆ تیرۆركردنی به‌رامبه‌ر، له‌وانه‌ برژاندنی دوژمن.

له‌م باره‌یه‌وه‌ هه‌ر وه‌كو چۆن عه‌بباسییه‌كان، هه‌ندێ له‌ دیله‌ (قرمطی و زنجی)یه‌كانیان برژاندوه‌، له‌ ساڵی 1514 دوای شكستی شۆڕشی جوتیارانی هه‌نگاریا، سه‌ركرده‌ی شۆڕشه‌كه‌ كه‌ ناوی (دوشا) بووه‌، له‌ لایه‌ن ده‌ره‌به‌گه‌كانه‌وه‌ برژێنراوه‌.

هه‌روه‌ها سه‌ركرده‌ی جوڵانه‌وه‌ی جوتیارانی ئه‌ڵمانیا كه‌ ناوی جاكلین روبارخ بووه‌، به‌ ستونێكه‌وه‌ به‌ستراوه‌ته‌وه‌و له‌سه‌ر ئاگرێكی هێمن برژێنراوه‌.(11)

ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا كه‌ ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ی بانگه‌شه‌ی ریفۆرمستی ئایینییان ده‌كرد (لوشر) له‌گه‌ڵ ئه‌و شێوه‌ دڕندانه‌یه‌ بوون بۆ لێدانی بزووتنه‌وه‌ی جوتیاران.

به‌ بۆچوونی من، جیاوازی نێوان شارستانی مه‌سیحی و شارستانی ئیسلامی له‌ به‌كارهێنانی تیرۆر دژ به‌ نه‌یارانیان، له‌و خاڵه‌دایه‌، كه‌ له‌ شارستانی ئیسلامدا به‌كارهێنانی تیرۆر زووتر ده‌ستی پێكرد چونكه‌ ماوه‌ی نێوان بانگه‌شه‌ بۆ ئیسلام و بوونی ئیسلام به‌ ده‌سه‌ڵات ئێجگار كورت بوو، له‌گه‌ڵ بوونی ده‌سه‌ڵاتیش تیرۆر بوو به‌ كارێكی ئاسایی ره‌واو ده‌قه‌ ئایینییه‌كانیش به‌ عه‌قڵییه‌تی مه‌شروعیه‌تدان به‌ تیرۆر لێكدرانه‌وه‌، به‌ڵام ماوه‌ی نێوان مه‌سیحییه‌ت وه‌ك بانگه‌شه‌ی ئایینی و بوونی مه‌سیحییه‌ت به‌ ده‌سه‌ڵات كه‌ له‌ لایه‌ن ئیمپراتۆریه‌تی رۆمانی په‌سه‌ندكرا، سێ سه‌ده‌ بوو.

ئه‌گه‌ر گریمان بڵێین كه‌ (محاكم التفتيش) شێوازێك بوو له‌ شێوازه‌كانی سه‌ده‌ی ناوه‌راست و، ماوه‌ی به‌سه‌رچووه‌، وا له‌ شارستانی هاوچه‌رخی ئه‌وروپادا له‌ رابردوویه‌كی نزیك و له‌ سه‌رده‌می ئه‌مڕۆدا چه‌ندین شێوازی تیرۆر به‌دی ده‌كه‌ین.

هه‌ردوو شه‌ڕی جیهانی یه‌كه‌م و دووه‌م له‌ شارستانی رۆژئاوادا ده‌ستی پێكرد و شاڵاوی تیرۆرو تۆقاندن و كاره‌ساته‌ مرۆییه‌كانی ئه‌م دوو جه‌نگه‌ش دیارو ئاشكران.

هه‌روه‌ها سیاسه‌تی ده‌وڵه‌ته‌ كۆڵۆنیالیسته‌كان له‌ هیندستان و جه‌زائیرو رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست و شوێنه‌كانی دیكه‌ی جیهان، نموونه‌ی زه‌قی ئه‌م دیارده‌ تیرۆریستییه‌ن، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ سیاسه‌ته‌كانی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا، له‌ جیهانی هاوچه‌رخ و سیاسه‌تی ئه‌م رژێمه‌ له‌ ڤێتنام و شوێنی دیكه‌ی جیهان.

لێره‌دا ده‌توانین باسی چه‌ندین وێستگه‌ی جۆراو جۆر بكه‌ین له‌ شارستانی رۆژئاوادا، كه‌ لاپه‌ڕه‌ی دیاری تیرۆرن، به‌ڵام ئایا ده‌توانین مۆركی تیرۆریستی بده‌ینه‌ پاڵ هه‌موو شارستانی ئه‌وروپایی؟

شارستانیی جیهانی جوڵانه‌وه‌یه‌كی مێژوویییه‌ كه‌ ملكه‌چی یاساكانی ململانێیه‌، ململانێی چه‌وساوه‌و چه‌وسێنه‌ران، نه‌ك ململانێ و پێكدادانی شارستانییه‌كان.

هه‌ڵبه‌ته‌ شارستانی ئه‌وروپای "مه‌سیحی" خاوه‌نی ده‌سكه‌وتی مێژووی گه‌وره‌یه‌ له‌ بواره‌ جیا جیاكانی زانستی داو، كارێكی پۆزه‌تیڤانه‌ی بینیوه‌ له‌ پێشخستنی شارستانی جیهانیدا.

به‌ هه‌مان شێوه‌ شارستانی ئیسلامیش ده‌سكه‌وتی گه‌وره‌ی بۆ شارستانی مرۆڤایه‌تی هێناوه‌.

ئه‌مرۆش مرۆڤایه‌تی رووبه‌رووی ئه‌ركی پاراستنی لایه‌نه‌ گه‌ش و پۆزه‌تیڤانه‌ی گشت شارستانییه‌كان ده‌بێته‌وه‌ له‌ رێگای قوڵكردنی مۆركی مرۆییانه‌ی ده‌سكه‌وته‌كان و دووركه‌وتن له‌ میتۆدێكی عه‌ده‌می له‌ هه‌ڵسه‌نگاندنی به‌شداری شارستانییه‌ جیا جیاكان، جا چ ئیسلامی بووبێ یان سه‌ر به‌ رۆژئاوایی مه‌سیحی بووبێ.

به‌ره‌و پێناسه‌یه‌كی هاوچه‌رخانه‌ بۆ چه‌مكی تیرۆر

له‌ هه‌ڵومه‌رجی ئه‌مڕۆدا، ده‌زگاكانی راگه‌یاندنی رۆژئاوا باس له‌ دیارده‌ی تیرۆر ده‌كه‌ن، به‌ شێوه‌یه‌ك كه‌ وه‌كو بڵێی ئه‌م دیارده‌یه‌ له‌ رووداوه‌كانی 11ی ئه‌یلولی رابردووه‌وه‌ ده‌ستی پێ كردووه‌، هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه‌ ئه‌و ده‌زگایانه‌ مۆركێكی عه‌ره‌بی و ئیسلامییانه‌ به‌سه‌ر تیرۆردا ده‌به‌خشن و، به‌ شه‌ڕێكی داده‌نێ دژ به‌ شارستانی رۆژئاواو نموونه‌ ئه‌مریكاییه‌كه‌ی.

ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا خودی ئه‌وروپا له‌ سه‌ده‌ی رابرووددا، چه‌ندین شێوازی تیرۆریستانه‌ی بینیوه‌، به‌ تایبه‌تی له‌ رووداوه‌كانی هه‌ردوو شه‌ڕی جیهانیداو، جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا كۆمه‌ڵێك رێكخراوی سیاسی له‌ سنووری تیرۆردا دانا به‌تایبه‌تی له‌ حه‌فتاكانی سه‌ده‌ی رابردوودا، وه‌ك رێكخراوه‌كانی: بادر ماینهوفی ئه‌ڵمانیا، سوپای سووری یابان، سوپای نهێنی ئیرله‌ندا، رێكخراوی ئیتای ئیسپانیا (باسك)، ئاڵای سووری ئیتالیا و، جگه‌ له‌ كۆمه‌ڵێك رێكخراوی فه‌ڵه‌ستینی كه‌ له‌ حه‌فتاكاندا كاری فرۆكه‌ رفاندنیان ئه‌نجام ده‌دا.

هه‌ر له‌ سه‌ده‌ی رابروودا، كۆمه‌ڵگای نێو ده‌وڵه‌تی چه‌ندین رێكه‌وتننامه‌ی به‌ ئه‌نجام گه‌یاندووه‌ سه‌باره‌ت به‌ دژایه‌تی كردنی تیرۆری نێوده‌وڵه‌تی له‌وانه‌:

یه‌ك: رێكه‌وتننامه‌ی جنێف كه‌ له‌ 16 ی تشرینی دووه‌می 1937 مۆركراوه‌، سه‌باره‌ت به‌ قه‌ده‌غه‌كردن و سزادانی كاری تیرۆریستانه‌.

به‌ پێی په‌ره‌گرافی دووه‌می به‌ندی یه‌كه‌می ئه‌م رێكه‌وتننامه‌یه‌ چه‌مكی تیرۆر ئه‌و كارانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ ده‌بێته‌ هۆی ترساندن و تۆقاندنی كۆمه‌ڵه‌ كه‌سێك یان ته‌واوی گه‌لێك، له‌ رێگای ئه‌نجامدانی توندو تیژییه‌وه‌و له‌ ئاكامیدا ژیانی خه‌ڵكی یان ئه‌وانه‌ی به‌ كاری ره‌سمی ئه‌ وڵاته‌وه‌ خه‌ریكن، ده‌كه‌وێته‌ به‌ر مه‌ترسییه‌وه‌.

دوو: رێكه‌وتننامه‌ی ئه‌وروپی بۆ دژایه‌تی تیرۆر

ئه‌م رێكه‌وتننامه‌یه‌ له‌ ساڵی 1977دا مۆركراوه‌و ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی ئه‌وروپا كه‌ مۆریان كردووه‌ ئه‌مانه‌ن، هۆڵه‌ندا، فه‌ره‌نسا، سوید، دانیمارك، نه‌رویج، پورتگال، سویسرا، ئه‌ڵمانیا نه‌مسا، قوبرس، یونان، به‌لژیك، ئیسلند، ئیتالیا، توركیا، لوكسمبرگ.

یه‌كه‌مین به‌ندی ئه‌م رێكه‌وتننامه‌یه‌، تاوانه‌كانی تیرۆر به‌ تاوانی سیاسی له‌ قه‌ڵه‌م نادات، هه‌روه‌ها به‌ پێی به‌ندی یه‌كه‌م و دووه‌م ئه‌م تاوانانه‌ به‌ تاوانی تیرۆریستی داده‌نرێ.

- تاوانی ده‌ستدرێژی كردنه‌ سه‌ر فرۆكه‌ی مه‌ده‌نی كه‌ له‌ ساڵی 1971دا مۆركراوه‌.
- رفاندن و به‌ بارمته‌ گرتن و ده‌ست به‌ سه‌راگرتنی خه‌ڵك.
- تاوانی فرۆكه‌ رفاندن.
- تاوانی ده‌ستدرێژی كردنه‌ سه‌ر كه‌سایه‌تییه‌ سیاسییه‌كان.
- هه‌ر كارێك كه‌ توندو تیژی ناڕه‌وای تیایدا به‌كاربهێنرێ دژ به‌ كه‌سی مه‌ده‌نی و ژیان و سه‌لامه‌تیان بخاته‌ به‌ر مه‌ترسییه‌وه‌.

یه‌كه‌مین راگه‌یاندن دژ به‌ تیرۆر له‌ لایه‌ن كۆمه‌ڵه‌ی گشتی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كانه‌وه‌ راگه‌یاندنی ژماره‌ 2625ی ساڵی 1970یه‌.

به‌ پێی ئه‌م راگه‌یاندنه‌ هه‌موو كارو چالاكییه‌كی تیرۆریستانه‌ به‌ تاوانێكی ئاسایی داده‌نرێ و، به‌ تاوانی سیاسی له‌ قه‌ڵه‌م نادرێ.

به‌ پێی ئه‌م راگه‌یاندنه‌، هه‌موو شێوازه‌كانی كولونیالیزم و كاری نه‌ژاد په‌رستی و، پێشێلكردنی مافی مرۆڤ و، داگیركردنی خاكی وڵاتێكی دیكه‌و، مه‌ترسی خستنه‌ سه‌ر ئاشتی جیهانی، به‌ كاری تیرۆریستانه‌ داده‌نرێ.

ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تی له‌ دوای ئه‌م راگه‌یاندنه‌ی ئه‌نجومه‌نی گشتی، له‌ چه‌ندین بڕیاری جۆراوجۆردا، ئاماژه‌ی بۆ ئه‌وه‌ كردووه‌ كه‌ نابێ هیچ ده‌وڵه‌تێك كاری تیرۆریستانه‌ دژ به‌ ده‌وڵه‌تێكی دیكه‌ ئه‌نجام بدات، یان هانی گروپێكی چه‌كدار بدات و یارمه‌تی پێشكه‌ش بكات و زه‌مینه‌ی بۆ بڕه‌خسێنێ، به‌ مه‌به‌ستی ئه‌نجامدانی كاری تیرۆریستانه‌.

پاش شاڵاوه‌ تیرۆریستانه‌كه‌ی دژ به‌ نیویۆرك و واشنتن، ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نێو ده‌وڵه‌تی بڕیاری 1373ی له‌ 28ی ئه‌یلولی 2001دا ده‌ركرد.

به‌ پێی ئه‌م بڕیاره‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌ شاڵاوه‌كه‌ی 11ی ئه‌یلول، به‌ كاری تیرۆریستانه‌ ده‌ست نیشان كرا، چونكه‌ ئاشتی و ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تی خسته‌ به‌ر مه‌ترسییه‌وه‌.

بڕیاره‌كه‌ مافی دا به‌هه‌ر ده‌وڵه‌تێك كه‌ رووبه‌ڕووی تیرۆر ده‌بێته‌وه‌و كارو كرده‌وه‌ی گونجاو په‌یڕه‌و بكات و به‌ره‌په‌رچی تیرۆر بداته‌وه‌و، شه‌ڕ دژ به‌ تیرۆر رابگه‌یه‌نێ و داوای له‌ هه‌موو ده‌وڵه‌تانی جیهان كرد كه‌ له‌ ماوه‌ی سێ مانگدا زانیاری پێویست به‌ وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا پێشكه‌ش بكات، وه‌ك هاوكاری كردنێك بۆ قه‌ڵاچۆكردنی تیرۆر.

هه‌ڵبه‌ته‌ له‌م بڕیاره‌ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایشدا، كۆمه‌ڵێك گرفتی یاسایی و پراكتیكی هه‌یه‌، له‌وانه‌، نه‌بوونی پێناسه‌یه‌كی روون و ئاشكرا بۆ چه‌مكی تیرۆری نێو ده‌وڵه‌تی و، ده‌ست نیشانكردنی چه‌مكی تیرۆر به‌ پێی یاساو بۆچوونی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا، كه‌ ئه‌م ده‌ستنیشان كردنه‌ش له‌ روانگه‌ی سیاسه‌ت و به‌رژه‌وه‌ندیه‌كانی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكاوه‌ هه‌ڵقوڵاوه‌و، هه‌ر خۆشی بڕیاری ئه‌وه‌ده‌دا كام رێكخراوی سیاسی و كام ده‌وڵه‌ت تیرۆریسته‌و كامیان تیرۆریست نییه‌!

هه‌ر له‌ روانگه‌ی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانییه‌وه‌، وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا دژ به‌ به‌ستنی كۆنگره‌یه‌كی نێو ده‌وڵه‌تییه‌ بۆ ده‌ست نیشانكردنی و پێناسه‌كردنی تیرۆرو، شێوازی قه‌ڵاچۆكردنی.

جگه‌ له‌مه‌ش بڕیاره‌كه‌ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایش، ده‌ستی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا واڵا ده‌كات بۆ به‌كارهێنانی هێزو توندو تیژی دژ به‌ هه‌ر ده‌وڵه‌ت و گروپێكی سیاسی له‌ رێگای خستنه‌ پاڵی تاوانی تیرۆر به‌و لایه‌نه‌وه‌.

هه‌روه‌ها سیاسه‌تی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا چه‌مكی تیرۆرو چه‌مكی مافی گه‌لان له‌ تێكۆشاندا بۆ ده‌ست نیشانكردنی چاره‌نووسی خۆیان تێكه‌ڵ ده‌كات.

له‌م روانگه‌یه‌وه‌، به‌ پێی سێیه‌مین لیستی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا، سوپای نهێنی ئیرله‌ندا، هه‌ندێ له‌ رێكخراوه‌كانی جوڵانه‌وه‌ی رزگاریخوازی فه‌ڵه‌ستین، پارتی كرێكارانی كوردستان - PKK- جگه‌ له‌ هه‌ندێ گروپی ئیسلامی له‌ ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راستدا، به‌ تیرۆریست داده‌نێ.

ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا به‌ڵگه‌نامه‌كانی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان له‌ شوێنی جیاجیادا ئاماژه‌یان بۆ ره‌وابوونی تێكۆشانی گه‌لان كردوه‌ له‌ پێناوی رزگاری نیشتمانی و ده‌ست نیشانكردنی چاره‌نووسی خۆیان. هه‌ڵبه‌ته‌ هه‌ندێ جار تێكۆشانی ئه‌و گه‌لانه‌ شێوازی توندو تیژانه‌و سه‌ربازییانه‌ وه‌رده‌گرێ به‌ تایبه‌تی له‌و هه‌ڵومه‌رجانه‌ی كه‌ داگیركه‌ران به‌ رێگای ئاشتی و گفتوگۆ كێشه‌كان چاره‌سه‌رناكه‌ن و توندو تیژی كۆنه‌په‌رستانه‌و سیاسه‌تی تیرۆری ده‌وڵه‌ت به‌ شێوه‌یه‌كی رێك و پێك دژ به‌ گه‌لانی وڵاته‌كه‌یان یان گه‌لانی وڵاتی دیكه‌ به‌رپا ده‌كه‌ن.

سیاسه‌تی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا له‌ بواری مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ چه‌مكی تیرۆرو هه‌وڵدان بۆ قه‌ڵاچۆكردنی، ره‌نگدانه‌وه‌ی سیاسه‌تی تاك جه‌مسه‌ری و ده‌ست به‌ سه‌راگرتنی جیهان و، دارشتنی یاسا نێو ده‌وڵه‌تییه‌كان له‌ روانگه‌ی یاسا ناوخۆییه‌كانی ئه‌مریكاوه‌.

له‌ هه‌مان كاتدا، ده‌بێ ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ بكه‌ین كه‌ ئه‌م سیاسه‌ته‌ ناڕه‌وایه‌ی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا، مانای ئه‌وه‌ نییه‌ كه‌ مه‌شروعیه‌ت بدرێ به‌و كاره‌ تیرۆریستانه‌یه‌ی كه‌ گروپ و لایه‌نه‌ ئیسلامیه‌كان دژ به‌و سیاسه‌ته‌ی ئه‌مریكا ئه‌نجامی ده‌ده‌ن.

ده‌بێ له‌م بواره‌دا جیاوازی بكرێ نێوان، هۆكاره‌كانی تیرۆر، كه‌ له‌ ئاكامی سیاسه‌تی ناڕه‌وای سه‌رمایه‌داری جیهانی و وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا هاتۆته‌ كایه‌وه‌، ئه‌و سیاسه‌ته‌ی كه‌ هه‌ژاری و برسێتی و نا عه‌داله‌تی له‌ هه‌ڵوێست وه‌رگرتن له‌ كێشه‌ نێو ده‌وڵه‌تییه‌كان، مۆرك و بنه‌ما سه‌ره‌كییه‌كانێتی، له‌گه‌ڵ بیانوو هێنانه‌وه‌ بۆ تیرۆرو داپلۆسین.

په‌نا بردنه‌ به‌ر كاری تیرۆریستانه‌ دژ به‌ سیاسه‌تی ناڕه‌وای سه‌رمایه‌داری، سیاسه‌تێكه‌ له‌سه‌ر بناغه‌ی باوه‌ڕ نه‌بوون به‌ كاری جه‌ماوه‌ری و تێكۆشانی درێژخایه‌نی خه‌ڵك بۆ ئه‌نجامدانی گۆڕانكاری كۆمه‌ڵایه‌تی، دارێژراوه‌و، ئه‌و ئه‌ڵته‌رناتیڤه‌ش كه‌ گروپه‌ ئیسلامییه‌ توندڕه‌وه‌كان ده‌یخه‌نه‌ روو، ئه‌ڵته‌رناتیڤێكی تاریك و دوواكه‌وتووه‌و، ناكرێ جێگری سیاسه‌تی ناڕه‌وای ئه‌مریكاو سه‌رمایه‌داری هاوچه‌رخ بێ.

له‌ پێناوی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی شه‌ڕی تیرۆریستانه‌

ئه‌مرۆ له‌ جیهاندا، شه‌ڕێكی تیرۆریستانه‌ی دوو فاقه‌، به‌ شێوازی جۆراوجۆرو له‌ شوێنی جۆراو جۆردا ئه‌نجام ده‌درێ، هێزه‌ چه‌پ و پێشكه‌وتنخوازه‌كان له‌ ئاستی هه‌ر وڵاتێك و به‌ كۆمه‌ڵ له‌ ئاستی جیهاندا، رووبه‌ڕووی ئه‌ركی هه‌ڵوێست وه‌رگرتن له‌مه‌ڕ گۆڕانكارییه‌كان و ئه‌و شه‌ڕه‌ی كه‌ به‌ ناوی دژایه‌تی تیرۆره‌وه‌ ده‌كرێ، ده‌بنه‌وه‌.

له‌م ئاسته‌دا ده‌كرێ چه‌ند هه‌ڵوێستێك به‌دی بكرێ:

- به‌شێك له‌ هێزو كه‌س و لایه‌نه‌ چه‌پ و دیموكراسیخوازه‌كان، پێیان وایه‌ ده‌بێ پشتگیری وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا بكرێ له‌ شه‌ڕو جه‌نگه‌كه‌یدا، دژ به‌ تیرۆر ئه‌مه‌ش له‌ روانگه‌ی ئه‌وه‌ی كه‌ گروپ و لایه‌نه‌ ئیسلامییه‌ توندڕه‌وه‌كان دژ به‌ كاروانی پێشكه‌وتنی مێژوون و پرۆژه‌یه‌كی كۆنه‌په‌رستانه‌یان هه‌یه‌و ده‌یانه‌وێ به‌سه‌ر خه‌ڵكیدا دایسه‌پێنن.

هه‌ڵبه‌ته‌ له‌م هه‌ڵوێسته‌دا تێكه‌ڵ كردنێك به‌دی ده‌كرێ له‌ نێوان شاڵاوه‌كه‌ی 11ی ئه‌یلول دژ به‌ واشنتۆن و نیویۆرك، له‌گه‌ڵ راگه‌یاندنی شه‌ڕ دژ به‌ تیرۆر له‌ لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكاوه‌.

له‌ كاتێكدا كه‌ كاری یه‌كه‌م واته‌ شاڵاوه‌كه‌ی 11ی ئه‌یلول، به‌ كارێكی تیرۆریستانه‌ی گومان لێ نه‌كراو داده‌نێم، پێم وایه‌ سیاسه‌تی وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا دژ به‌ تیرۆر له‌ سنووری ته‌نها مه‌سه‌له‌ی ئه‌و شاڵاوه‌ی 11ی ئه‌یلولدا نییه‌و به‌ڵكو هه‌وڵدانێكه‌ بۆ سه‌ر له‌ نوێ دارشتنه‌وه‌ی وه‌زعی جیهانی و سه‌پاندنی سیاسه‌ت و نه‌ریته‌ ئه‌مریكاییه‌كان به‌سه‌ر جیهاندا.

ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ش به‌ روونی به‌دی ده‌كرێ له‌ پشتگیری كردنی ئیسرائیل له‌ لایه‌ن ئه‌مریكاوه‌، له‌ كاتێكدا حكومه‌تی ئیسرائیل سیاسه‌تی تیرۆری ده‌وڵه‌ت به‌ شێوه‌یه‌كی نه‌خشه‌ بۆ كێشراو دژ به‌ هاووڵاتییه‌ بێ دیفاعه‌كانی فه‌ڵه‌ستین ئه‌نجام ده‌دا.

هه‌روه‌ها سیاسه‌تی ئیداره‌ی ئه‌مریكا پشتگیری حكومه‌تی توركیا ده‌كات له‌ شاڵاوی تیرۆریستانه‌ی دژ به‌ گه‌لی كوردو جوڵانه‌وه‌ رزگاریخوازه‌كه‌ی له‌ كوردستانی باكوردا.

- به‌شێكی دیكه‌ له‌ كه‌سانی چه‌پ و لایه‌ن و حزبه‌ نیشتمانی و پێشكه‌وتنخوازه‌كانی ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست، جۆره‌ سۆزێك ده‌رده‌بڕن له‌گه‌ڵ گروپه‌ ئیسلامییه‌ توندڕه‌وه‌كان یان هه‌ر لایه‌نێك كه‌ كاری تیرۆریستانه‌ دژ به‌ وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا ئه‌نجام ده‌دات و پێیان وایه‌ كه‌ ئه‌م شاڵاوانه‌ جۆرێكه‌ له‌ كارتێكردن و هه‌ژاندن و تێكدانی بنكه‌ی سه‌رمایه‌داری جیهانی و ئیمپریالیزم و، شه‌ڕ دژ به‌ ئیمپریالیزم بێ قوربانی مه‌ده‌نی ئه‌نجام نادرێ، ئه‌م شاڵاوه‌ تیرۆریستانه‌ی گروپه‌ ئیسلامییه‌ توندڕه‌وه‌كان، جۆره‌ وه‌ڵامدانه‌وه‌یه‌كه‌ بۆ سیاسه‌تی ناعادیلانه‌ی ئه‌مریكا.

پێم وایه‌ هه‌ڵوێستی ئه‌م ته‌وژمه‌ جۆره‌ تێكه‌ڵكردنێكی تێدایه‌ له‌ نێوان هۆكاره‌كانی تیرۆر كه‌ ده‌بێ تێكۆشانی به‌رده‌وامی بۆ بكرێ، له‌گه‌ڵ بیانوو هێنانه‌وه‌ بۆ ئه‌نجامدانی كاری تیرۆریستانه‌ دژ به‌ خه‌ڵك.

هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ له‌ ژێر فشاری سۆزی جه‌ماوه‌ری وڵاته‌ عه‌ره‌بی و ئیسلامییه‌كاندایه‌ كه‌ هه‌ست به‌ قه‌یرانێكی سیاسی ته‌واو ده‌كه‌ن به‌ هۆی هه‌ڵوێستی حكومه‌ته‌كانیان له‌ ئه‌مریكاو له‌ ئیسرائیل و، له‌ هه‌مان كاتدا جۆره‌ باوه‌ڕ نه‌كردنه‌ به‌ تێكۆشانی جه‌ماوه‌ری درێژخایه‌ن دژ به‌ شه‌ڕ تیرۆرو سه‌رمایه‌داری.

- هه‌ڵوێستی سێیه‌م له‌ هه‌ڵوێستی به‌شێكی دیكه‌ی هێزه‌ چه‌پ و دیموكراسیخوازه‌كاندا به‌دی ده‌كه‌م كه‌ دژ به‌ شێوازو شه‌ڕی ئه‌مریكان دژ به‌ تیرۆرو سیاسه‌تی ئه‌مریكا به‌ سیاسه‌تی تیرۆریستانه‌ داده‌نێن و له‌ هه‌مان كاتدا، شاڵاوه‌ تیرۆریستانه‌كه‌ی گروپ و لایه‌نه‌ ئیسلامییه‌كان ناخه‌نه‌ خانه‌ی تێكۆشانی دژ به‌ ئیمپریالیزم و سه‌رمایه‌داری هاوچه‌رخ، به‌ڵكو به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ پێیان وایه‌، منیش له‌گه‌ڵ ئه‌و بۆچوونه‌دام - كه‌ توندڕه‌وو ئیسلامییه‌كان به‌و سیاسه‌ته‌ تیرۆریستانه‌یان خزمه‌تێكی گه‌وره‌ی ناوه‌نده‌ راسته‌ڕه‌وه‌ سه‌رمایه‌دارییه‌كان ده‌كه‌ن، به‌ڵگه‌ی ئاسانیان بۆ په‌یدا ده‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی سیاسه‌تی تاڵان كردنی گه‌لان به‌رپا بكه‌ن و، ته‌وه‌ری ململانێی جیهانی به‌ره‌و ئاستی پێكدادان و شه‌ڕی شارستانییه‌كان ده‌به‌ن له‌ جیاتی ململانێیه‌ راسته‌قینه‌كه‌ی له‌ ناوه‌ڕۆكدا له‌ نێوان كارو سه‌رمایه‌یه‌، به‌ڵام به‌ شێوازی نوێ نه‌ك به‌ شێوازه‌كانی سه‌رده‌می ماركس. بۆیه‌ ده‌بینین ئه‌م ململانێیه‌ ئه‌مڕۆ له‌ نێوان باكوری ده‌وڵه‌مه‌ندو باشوری هه‌ژاره‌و بواری شۆڕشی ته‌كنۆلۆژی و ژینگه‌و په‌ره‌سه‌ندنی ئابووری و بوژانه‌وه‌و كۆمه‌ڵێك بواری دیكه‌ ده‌گرێته‌وه‌.

له‌ روانگه‌ی هه‌ڵوێستی سێیه‌مه‌وه‌، ده‌بێ شه‌ڕی توندڕه‌وه‌ ئیسلامییه‌كان دژ به‌ هه‌ر لایه‌نێك به‌ ناكۆكی خۆیانی ده‌زانن، مه‌حكوم بكرێ و له‌ هه‌مان كاتدا شه‌ڕی ئه‌مریكا به‌ناو دژایه‌تی كردنی تیرۆره‌وه‌ مه‌حكوم و تاوانبار بكرێ و له‌ حاڵه‌تی نموونه‌ی شه‌ڕی ئه‌مریكاو ئه‌فغانستانیش، پێویسته‌ دژایه‌تی كردنی شه‌ڕ بكرێ و له‌ كاتێكدا گروپی تالیبان گروپێكی توندڕه‌وه‌و تیرۆریستانه‌یه‌و گه‌وره‌ترین تاوانباره‌ دژ به‌ گه‌له‌كه‌ی، ناكرێ سزای گه‌لی ئه‌فغانستان به‌ تاوانی تالیبان بدرێ له‌ هه‌مان كاتدا، ده‌بێ ئاماژه‌ بۆ ئه‌مه‌ش بكرێ كه‌ تالیبان ده‌ستكردی جارانی سیاسه‌تی ئه‌مریكایه‌و ئه‌مڕۆش مه‌سه‌له‌كان له‌ رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی تالیبان فراوانتره‌.

یه‌كێك له‌ گرنگترین ئه‌ركه‌كانی كۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تی بۆ رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی تیرۆر له‌ جیهاندا، پێم وایه‌ كه‌ هێزی چه‌پی دیموكراسیخواز ده‌بێ له‌به‌رچاوی بگرێ، ئه‌وه‌یه‌ كه‌ پێناسه‌یه‌كی تیرۆر بكرێ دوور له‌ گرییه‌كانی ئه‌مریكا كه‌ هه‌ر هه‌مووی له‌ ئاكامی سیاسه‌تی پاوانخوازی و باڵاده‌ستییه‌وه‌ هاتووه‌و، هه‌روه‌ها پێناسه‌كانی گروپه‌ توندڕه‌وه‌ ئیسلامییه‌كان كه‌ پێیان وایه‌ جیهان بریتییه‌ له‌ جیهانی ئیمان و باوه‌ڕ دژ به‌ جیهانی كفرو بێ باوه‌ڕی.

پێم وایه‌ پێناسه‌ی ئه‌مریكا بۆ تیرۆر پێناسه‌یه‌كه‌ ده‌نگدانه‌وه‌ی له‌ سیاسه‌تی پراگماتیییانه‌ی ئه‌مریكایه‌ كه‌ هه‌موو مه‌سه‌له‌كان ده‌خاته‌ به‌ر كۆنترۆڵی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی خۆیه‌وه‌و، سیاسه‌تی ئیسلامییه‌ توندڕه‌وه‌كانیش پیرۆزی و ره‌وایی به‌ تیرۆر ده‌به‌خشێ له‌ روانگه‌ی بۆ چوونی ئایینی یان نیشتمانییه‌كی سنور دراو.

پێناسه‌یه‌كی نوێ و هاوچه‌رخانه‌ بۆ تیرۆر، ده‌بێ هه‌موو لایه‌نه‌كانی تیرۆر بگرێته‌وه‌ كه‌ ده‌بێته‌ هۆی ترساندن و تۆقاندنی كه‌سانی بێ دیفاعی گه‌لان. بۆیه‌ به‌كارهێنانی گروپێكی چه‌كدار له‌ لایه‌ن هه‌ر ده‌وڵه‌تێكه‌وه‌ دژ به‌ ده‌وڵه‌تێكی دیكه‌و، تیرۆری ده‌وڵه‌ت دژ به‌ هاووڵاتیانی وه‌ك تیرۆری رژێمی عێراق و توركیا و ئیسرائیل و تالیبان و، هه‌روه‌ها تیرۆری ده‌وڵه‌تێكی داگیركه‌ر، ئه‌مانه‌ هه‌ر هه‌موو شێوازن له‌ شێوازه‌كانی تیرۆر.

هه‌روه‌ها له‌ پێناسه‌كردنی تیرۆردا، تێكۆشانی گه‌لانی زۆرلێكراو بۆ وه‌دیهێنانی مافه‌كانی خۆیان كه‌ به‌ ناچاری شێوازی توندوتیژی وه‌رده‌گرێ، ناكرێ له‌ جوغزه‌ی تیرۆردا دابنرێ و، موقاوه‌مه‌تی هێزی داگیركه‌ر به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك ناخرێته‌ خانه‌ی تیرۆره‌وه‌ و تێكه‌ڵ كردنی ئه‌م دوو چه‌مكه‌ش، چه‌مكی تیرۆرو چه‌مكی مقاوه‌مه‌تی ره‌وا دژ به‌ داگیركه‌ر، ئه‌مڕۆ بۆته‌ هۆیه‌كی سه‌ره‌كی كه‌ وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكای وا لێكردووه‌ دژ به‌ به‌ستنی كۆنگره‌یه‌كی نێو ده‌وڵه‌تی بێ له‌ پێناوی پێناسه‌ كردنی تیرۆرو شێوازی دژایه‌تی كردنی.

سه‌رچاوه‌كان:

1- القرأن الكريم: له‌گه‌ڵ وه‌رگێرانی به‌ زمانی كوردی- وه‌رگێر مامۆستا محه‌مه‌د ساڵح ئیبراهیمی ناشر ستاد منطقة 3 كشوری سازمانی تبليغات اسلامی تێكرای ته‌رجه‌مه‌كان بۆ كوردی له‌و سه‌رچاوه‌یه‌، وه‌رگیراوه‌
2- القرأن الكريم: تفسيرات و بيان مع أسباب النزول للسيوطي- الاعداد. محمد حسن الحمصي
3- الرحيق المختوم- صفي الشيخ الرحمان المبار كفوری ص177
4- الواحدي النيسابوري- اسباب النزول ل157
5- بۆ زیاتر زانیاری له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ و پله‌ی حدیثی أحاد وه‌ك سه‌رچاوه‌یه‌كی حوكمی شه‌رعی بڕوانه‌ كتێبی الوجيز في اصول الفقه
6- بۆ زیاتر زیاری بڕوانه‌ كتێبی حسین مروه- النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية ل 620-555
7- بڕوانه‌ كتێبی هادي العلوي- الآغتيال السياسي في الآسلام- كه‌ زۆر به‌ درێژی باسی ئه‌و نموونانه‌ی كردووه‌.
8- ئه‌و ناوانه‌ له‌ هه‌مان سه‌رچاوه‌دا هاتووه‌
9- الانصاري- قصة الطوائف ل 418
10- ويل دورانت- قصة الحضارة- ترجمة محمد بدران م 6 ل 230
11- هه‌مان سه‌رچاوه‌ ل158